RWG Iraq
Returns Working Group

## پرۆسەی گەڕانەوەی گشتی لە سلێمانی

دەستنیشانکردنی ئاوارەکانی بەگەڕانەوە

ئاوارەکان نوسراوی گەڕانەوە بەدەست دەهێنن لەلایەن نووسینگەی پارێزگار/ سەرۆکی شارەوانی (یاخود ئاسایش ئەگەر دەرەوەی کەمپە) لە شوێنی ئاوارەبوونیان. هەموو ئاوارەکان دەبێت کارتی نیشتەجێبوونیان و کۆدەکانی ئاسایش بۆ نووسینگەی

**پرۆسەی ڕوون کردنەوەی ئاسایش**

**پرۆسەی ڕوون کردنەوە:** داواکراوە تەنها بۆ ئاوارەکانی چەندین شوێن لە پارێزگای سەڵاحەدین. سەرۆکی خێزانە ئاوارەکە دەبێت پرۆسەی ڕوون کردنەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی خۆجێیی و لایەنە کاراکانی ئاسایش لە شوێنی ڕەسەن بەدەست بهێنن بۆ ئاسان کردنی

ڕەزامەندی لەسەر دراوە

ڕەزامەندی لەسەر

لە ئاوارەبوون دەمێننەوە

ئاوارەکان دەگەڕێنەوە و گەڕانەوەکەیان لەلایەن موختاری خۆجێیی و لایەنە کاراکانی ئاسایش تۆمار دەکرێت بۆ زامن کردنی بەدەستهێنانیان بۆ خزمەتگوزاریەکان و داخستنی دۆسیەی

## ووردەکاری زیاتر

ئاوارەکانی ناوەوەی کەمپ دەست دەکەن بە پرۆسەی گەڕانەوەیان لە ڕێگەی ئاگادار کردنەوەی بەڕێوبەرایەتی کەمپ بە زارەکی دەربارەی مەبەستی گەڕانەوەیان. لە پاشان بەڕێوبەرایەتی کەمپەکە نامەیەك بۆ ئاوارەکان بە هەمان ڕۆژ دەردەکات. ئاوارەکان هەروەها دەبێت ئاگاداری ئاسایشی خۆجێی بکەنەوە دەربارەی نیازیان بۆ گەڕانەوە، لەئەنجامدا کارتی نیشتەجێبوونیان ڕادەست بکەن وە داوای نووسراوی ڕێگەپێدان لەلایەن نووسینگەی سەرۆکی شارەوانی یاخود پارێزگار. ئاوارەکان هەروەها دەبێت بەڵگەی فاتورەی پارەدانی کارەبای مولیدە پێشکەش بکەن. سەرەرای ئەمە، ئاوارەکان داوایان لێ دەکرێت کە واژوو بکەن لەسەر ڕێککەوتن نامەیەك لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی کەمپ کە ڕاییگەیەنێ گەڕانەوەکەیان ئارەزوومەندانەیە. ئینجا بەڕێوبەرایەتی کەمپەکە پارمەتی پێشکەش دەکات بۆ ئاسان کردنی نووسراوی ڕێگەپێدان شارەوانی/ پارێزگار).

ئاوارەکانی دەرەوەی کەمپ نامەیەك لەلایەن موختاری خۆجێیی بەدەست دەهێنن، کە پارمەتیان دەدات بۆ ئاسان کردنی دەرکەوتنی مۆڵەتی ڕێگە نەگرتن لەلایەن ئاسایش، سەرۆکی شارەوانی یاخود پارێزگار. ئەم نامەیە پەرینەوە بەنێو خاڵە پشکنینەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق ئاسان دەکات وەهەروەها وەك بەڵگەیەکی ئاوارەبوونە.

ئاوارەکان لە سلێمانی ناچنە ژێر باری پشکنینی ئاسایش، بەڵام هەندێك ناوچە لە سەڵاحەدین پرۆسەی ڕوون کردنەوەی پێشتر داوا

چوارچێوەی کاتی بۆ بەدەستهێنانی نامەی مۆڵەتی ڕێگە نەگرتن دەوەستێتە سەر خایەندنی ئەو کاتەی کە ئاوارەکە پەراوە داواکراوەکان پێشکەش دەکات وەکو نامەی ڕێککەوتن، فۆرمی چۆڵ کردنی کەمپ وەهەروەها بەڵگەی فاتوورەی پارەدانی کارەبا، سەرەرای ڕێکارەکانی ئاسایش. ئەم ڕێکارانە لەوانەیە بەهەمان ڕۆژ تەواو بکرێت، یاخود لەوانەیە دوو ڕۆژی بخایەنێت.

## بەرەنگاریەکان

ئاوارەکان دەچنە ژێر باری پشکنینی لایەنی جۆراوجۆری هێزی ئەمنی لە ڕێگای گەڕانەوەیان بۆ شوێنی ڕەسەنیان پاش بەجێ هێشتنی هەرێمی کوردستانی عێراق کە لەوانەیە سێ کاتژمێر بخایەنێت.

هەندێ لە خێزانە ئاوارەکان ڕووبەڕووی ململانێی خێڵەکی دەبنەوە کە داوای پێدانی باجی ئاشتبوونەوە یان قەرەبووکردنەوەی "خوێن" دەکات بە بری ٥٠٠ هەزار دیناری عێراقی بۆ هەر خێزانێك پێش گەڕانەوە بۆ ناوچەی ڕەسەنیان. هەرچەندە، ئەم پارەدانە گەرەنتی ئەوە ناکات کە ڕێگە بە گەڕانەوەیەکی سەلامەتی بدات بۆ ئەم خێزانانە. زۆربەی ئاوارەکان توانای ئەوەیان نیە ئەم بڕە پارەیە بدەن وەهەروەها لەوانەیە بیر لە گەڕانەوە نەکەن لەبەر ئەم جۆرە داواکاریە خێڵەکیە کە لە ئارادایە. ئەو خێزانانەی کە هاوسۆزن لەگەڵ داعش داوایان لێ دەکرێت کە بچنە ژێرباری

هەندێك لە ئاوارەکان داوای نووسراوی پشکنینی ئاسایشیان لێ دەکرێت پێش ئەوەی بگەڕێنەوە، و ناتوانن بگەڕێنەوە پێش بەدەستهێنانی ئەم نووسراوە لە شوێنی ڕەسەنیان.

هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵاتدارەکانی شوێنی ئاوارەبوون و شوێنی ڕەسەن بۆ ئاسان کردنی پەڕینەوەی ئاوارەکان بەنێو خاڵەکانی پشکنینی نێو پارێزگاکان لاوازە.

*زانیاری هێڵکاری ئەم کردارە بەکار دێت لە ١٥ی تەمموزی ٢٠٢٠ەوە وەشیانی گۆڕانکاریە تێیدا بکرێت. تکایە بگەڕێوە بۆ گێرانەوەی ڕاپۆرتەکە بۆ بەدەستهێنانی وەسفێکی قووڵ و وەرگێراو.